## گەڕانەوەی کەرکوك وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ سەر هەرێمی کوردستان

**دکتۆر نوری تاڵەبانی**

**هەڵوێستی بەشی زۆری لایەنە سیاسیەکانی عێراقی لەبارەی دواڕۆژی ناوچەی کەرکوك گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. حکومەتی عێراق کە بەرپرسی یەکەمە لەجێبەجێکردنی ماددەی 140 هەمیشە هەوڵی"چارەسەرکردنی" کێشەی ناوچەی کەرکوکی لەدەرەوەی ئەو ماددە دەستووریەی داوە. کورد بە بەردەوامی داوای جێبەجێکردنی ماددەی 140ی کردووە و لەپاش 31ی دیسەمبەری 2007 خەریکی داکۆکیکردن بووە لەمانەوەی ئەو ماددە دەستوورییە و پووچەڵکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەیبڵاودەکرێنەوە لەبارەی بەسەرچوونی ماوەکەی. حکومەتی ناوەند هەرگیز هاوکاری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی نەکردووە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کۆسپ و تەگەرەی بۆ دروستکردووە بەمەبەستی دواخستنی جێبەجێکردنی. نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (UNAMI)، لەگەڵ هەردوو حکومەتی ئەمریکاو بەریتانیا بەشێوازی جیاواز هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیان داوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی قبووڵکراو لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکان لە کەرکوك و لە بەغدا. کات بەسەرچوون لەبەرژەوەندی کورد نییە، ئەوەی لە ساڵی 2003 دەکرا ئێستا ناکرێت، ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێت سبەینێ سەرناگرێ. ترسی گەورە لەوەدایە کێشەی ناوچەی کەرکوك بەچارەسەرنەکراوی بمێنێتەوەو ببێتە کێشەیێکی "موزمن- درێژخایەن"، لەچەشنی ئەو کێشانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، وەك کێشەی کشمیر و دارفۆر.دەوڵەتانی ناوچەکە ناڕاستەوخۆ دەستیان خستووەتە ناو کێشەی کەرکوك لەڕێگای‌چەند لایەنێکی سیاسی عێراقی بەمەبەستی ئاڵۆزکردنی و مانەوەی بە چارەسەرنەکراوی. بارودۆخی ناوچەی کەرکوك خەریکە وەك گۆمە ئاوێکی لێدێت بەرەو بۆگەنی دەڕوا و لەئاکامدا (پڕکردنەوەی) دەبێتە تەنیا ڕێگا بۆ "چارەسەرکردنی"! باسکردنی ئەم ڕاستیە تاڵە بۆهاندانی دەسەڵاتدارانی کوردە بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بدۆزنەوە. لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی و نێودەوڵەتی دەبێ ئاگاداربکرێنەوە کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی بەشی زۆری کێشەکلی دیکەی عێراق و بەشی زۆریان**

ئەو ڕاستیە دەزانن، بەڵام بەکردەوە کاری جیدیان بۆکۆتاهێنان بەو کێشە گەورەیە نەکردووە.

لەناوەڕاستی مانگی تەمموزی 2009 شاندێکی (یونامی)،بەسەرۆکایەتی بەرپرسی ئۆفیسی سیاسی و دەستووری سەردانی هەولێریان کرد بۆ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشەی ناوچەی کەرکوک. لەسەرداوای شاندەکە، ڕۆژی 20ی تەمموزی ئەو ساڵە زیاتر لە دوو کاتژمێر لەگەڵیان دانیشتم و بیروڕای جیاواز خرانەبەرچاو و گفتوگۆیان لەسەرکرا. ئەمەش یەکەمجار نییە لەگەڵ نوێنەرانی (یونامی) وچەند بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەمریکی و بەریتانی لەسەر داوای ئەوان پێکەوە دادەنیشین و گفتوگۆ لەسەر کێشەی کەرکوک دەکەین، بەڵام لەم چاوپێکەوتنەدا ڕاوبۆچوونەکان ڕاشکاوانە خرانەڕوو، ئاماژەش بۆ ئەو کۆسپانەش کرا کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. ئەرکی هەموو کوردێکی دڵسۆزە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بدات بەڵام دەبێ ئاگاداری ڕاوبۆچوونەکانی لایەنەکانی دیکەش بین. جێگای داخە کە بەشی زۆری ئەو لایەنانە زانیاری ڕاست و دروستیان لەسەر کێشەی کەرکوک نییە و خۆشیان دوورەپەرێز دەگرن لە قسەکردن لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140، بەڵکو بەشێکیان جێبەجێکردنی بە کارێکی مەترسیدار دەزانن!

کێشەی کەرکوک بەو شێوەی تائێستا قسەی لەسەرکراوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە بەشێوەیەکی دیکە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، بەمەرجێ دەرئەنجامەکەی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوک بێت بۆسەر هەرێمی کوردستان. پێکهاتەی ئەتنی لە ناوچەی کەرکوک وەکو ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان نییە و تورکمان و عەرەب و کلدو ئاشوری ڕەسەنی تێدایە کە دەمێکە لەگەڵ کورد لەو ناوچەیە دەژین. دەبێ ئەوەش لەبیر نەکرێت کەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک پەیوەندی بە هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی عێراقی و ئەو گۆڕانکاریانەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ڕوودەدەن هەیە. ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە 16ی کانونی دووەمی 2010 ڕێکبخرێت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک دەبێ. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، دەوڵەتە زلهێزەکان حیسابی تایبەت بۆ بەرژەوەندیخۆیان و دەوڵەتانی ناوچەکە دەکەن. ئەم هۆکارانە هەموویان کۆسپن لەبەردەم گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان، ئەگینا کەرکوک لەگەڵ ناوچە

دابڕاوەکانی دیکەی کوردستان دەبوو پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە 2003 بخرێنەوە سەر سنووری هەرێمی کوردستان.

نەیارانی کورد تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵی لەبەر سامانی نەوت وگازی کەرکوك داوای دەکەن، کورد دەبێ بەکردەوە بیسەلمێنێ کە سامانی نەوتی کەرکوك هۆکاری داواکردنی گەڕانەوەی نییە بۆسەر هەرێمی کوردستان و داوادەکات داهاتی نەوتی کەرکوك بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە تەرخانبکرێت بۆیارمەتیدانی دانیشتوانی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە. لەم ڕوانگەوە پێشنیازی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان دەکەم وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم، تێیدا دەسەلاٌتیبەڕێوەبردنی کاروباریپەیوەندیدار بە نەوت وگاز لە ناوچەکە بەو بدرێت، بەلاٌم بەڕەچاوکردنی حوکمی ئەو ماددە حەسریانەی لەو بارەوە لە دەستووری عێراقدا هاتوون. قبوولکردنی ئەو پێشنیازە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دوو ئەنجومەن: یەکێکیان بەناوی "ئەنجومەنی بڕیاردەر"، ئەندامەکانی لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە هەڵبژێردرێن،ئەنجومەنی دووەم بەناوی "ئەنجومەنی بەڕێوەبردن"،سەرۆك وئەندامانی لە لایەنئەنجومەنی یەکەمەوە دەستنیشان دەکرێن.ئەو دوو ئەنجومەنە دەسەلاٌتیتەوایان دەبێ پێبدرێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووری و ئاوەدانکردنەوە و ئەمنی و پەروەردەوە.مانەوەی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکە، لەگەڵ نارنی هێزی چەکداری عێراقی بۆ ئەو ناوچەیە دەبێ بە ڕەزامەندی ئەو دوو ئەنجومەنە بێت، بەلاٌم بە ڕەچاوکردنی ئەو حاڵەتانەیلە دەستووری عێراق ودەستووری هەرێمی کوردستان دیاری کراون.

ئەندامانی ئەو شاندە پرسیاری سنووری ناوچەکەیان لێکردم، گوتم سنووری پارێزگای کەرکوك بگرێتەوە پێش دەستکاری کردنی لەلایەن رژێمی بەعس لەساڵی 1976 و سەرژمێری ساڵی 1957بکرێتە بنەما بۆ دیاریکردنیئەو کەسانەی مافی بەشداری کردنیان لەو پرۆسەیە دەبێ، ئەوەش لەبڕگەیەکی ماددەی 140دائاماژەی بۆکراوە. پەیوەندی ناوچەی کەرکوك بە هەرێمی کوردستان بەڕوونی لەدەستووری هەرێم و دەستووری عێراق دیاری بکرێت، چونکە کورد داوادەکات ناوچەی کەرکوك بەشێك بێت لە هەرێمی کوردستان، بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، تا نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانی هەرێم دیاری بکەن، ژمارەیان لەو پەرلەمانە بەپێی نفووسیان دیاری دەکرێت. بەبۆچوونی من چاکترە چەند پۆستێکی وەزاری لەحکومەتی هەرێم بدرێتە چەند کەسێکی خەڵکی کەرکوك و پۆستی جێگری سەرەك وەزیران، یان جێگری سەرۆکی هەرێم تورکمانێکی خەڵکی کەرکوك بێت.

پرسیاری زەمانەتی مانەوەی ناوچەکەیان لێکردم وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لە هەرێمی کوردستان؟ وتم ئەگەر ئەو سیستمە پەسەند بکرێت، نە پەرلەمانی هەرێم و نە پەرلەمانی عێراق ناتوانن دەستکاری بکەن، لەبەر ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان و دەستووری عێراق زەمانەتی مانەوەی وەك ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم دەچەسپێنن. بۆ زەمانەتی زیاتریش، پێشنیازی بەستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیم کرد، بە بەشداری حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەند دەوڵەتێکی زلهێز و دەوڵەتانی ناوچەکە، لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان. وتم ئەگەر لە هەردوو دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەوکۆنفرانسە نێودەوڵەتیەش ببەسترێ،ئەوە باشترین زەمانەتە بۆ مانەوەی ناوچەی کەرکوك بەو شێوە دەستووریەی باسی لێ دەکەین، چونکە هیچ لایەنێك بەتەنیا توانای ئەوەی نابێت لە ئایندەدا دەستکاری بکات. بوونی زەمانەتی نێودەوڵەتی ڕێگا لەدەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوچەی کەرکوك دەگرێت. دوا پرسیاریان لەبارەی ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو لە هەرێمی کوردستان؟ ئایا لەم حاڵەتەدا ناوچەی کەرکوك چی بەسەردێت؟ وەڵامم ئەوەبو دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەبێت، لەم بارەوە نموونەی (کۆسۆفۆ)م بۆهێنانەوە، سەرەتا داوای حوکمی زاتی لەچوارچێوەی کۆماری (سربیا) دەکرد، بەڵام پاشان بەبڕیار و پشتگیری چەند دەوڵەتێکی زلهێز سەربەخۆیی بەدەستهێنا، ئەو ئەگەرە ئێستا لەئاسۆی کوردستاندا بەدی ناکرێت.

چاکترە ئەم پێشنیازە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت، بەڵام وەك پرۆژەیەك پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی ونێودەوڵەتی بکرێت. لەو باوەڕەدام کورد ئەم پێشنیازەی قبووڵە، چونکە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی ناوچەی کەرکوك بۆسەر هەرێمی کوردستان. نوێنەرانی تورکمان وعەرەب و کلدو ئاشوری لە کەرکوك ئەگەر ئەوانیش قبووڵی بکەن، ناوچەی کەرکوك دەبێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم (نەك هەرێمکی سەربەخۆ). کاروباری ناوخۆی ئەو (ناوچە ئۆتۆنۆمیە) لەلایەن هەردوو ئەنجومەنی بڕیاردەر و بەڕێوەبردن بەڕێوەدەبرێت، بەڵام وەکو بەشێك لە هەرێمی کوردستان. ئەگەر لایەنە توندڕەوەکانی تورکمان و عەرەب ئەم پێشنیازە ڕەدبکەنەوە، کورد دەتوانێ بەپشتگیری دۆستەکانی بانگەشەی بۆبکەن، بەتایبەتی لەکاتیهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك. سەرکەوتنی ئەو لیستەی کورد پشتگیری لێدەکات لەو هەڵبژاردنەدا ئەگەری پەسەندکردنی پرۆژەکە زیاتر دەکات. لەهەمانکاتدا

**پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەو ڕێکخراوانەی داکۆکی لە ڕەوایی مەسەلەی کەرکوك دەکەن و تێکرایدۆستانی کورد لەدەرەوە دەتوانن پەیوەندیبە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی ئەوروپی و کۆنگرێسی ئەمریکیەوە بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی ئەم پرۆژەیەو داوای پشتگیریان لێ بکەن.**

---

**هەولێر، 2009-08-27**

**تێبینی: لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)، ژمارەی (189)، سێشەمە، 9 ئەیلولی 2009 بلآوکراوەتەوە. هەروەها لەو کۆنفرانسەی، کە (ئەنستیتوی کورد لە پاریس)لە هاوینی سالّی 2010 ڕێکیخستبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك پێشکەشکراوە و پارێزگاری ئەو دەمەی کەرکوك، کاك عەبدوڕەحمان موستەفا و پارێزگاری پاش ئەو د. نەجمەدین کەریم و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی کورد و فەرەنسی ئامادەی بوون.**